# نەتەوە یەکگرتووەکان و ماددەی 140 .....!!!

عامر باجەڵان – سوید

لە جیهانی سیاسەتدا دۆست و دوژمنی بەردەوام نییە ... بەڵکو بەرژەوەندی بەردەوام هەیە .
کورد ئەزمونێکی دووروودرێژی هەیە لە گەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان ، یان هێزە زلەکانی جیهان ( پەیمانە نێو دەوڵەتیەکان شاهیدە هەر لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو دژ بە میللەتی کورد ) کە بەردەوام کورد کارتێک بووە بەدەستیان بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکانیان و گەیشتن بە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان لە ناوچەکەدا .

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و کوردستان و پێکهێنانی  حوکومەتی نوێ بە شێوەیەکی دیموکراسی و دانانی دەستوری بەردەوام  بۆ عیراقێکی  فیدرال . داواکاری سەرەکیی کورد  گەڕانەوەی ناوچە کوردیە دابراوەکان بۆ باوەشی کوردستان ، کە ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بە تەعریب و تەبعیس و تەهجیر ، ئەو ناوچانەی دابری بوو لە کوردستان و چەسپاندبووی بە پارێزگا عەرەبیەکانی  موصل و سلاحەددین ودیالی .

ماددەی 140 کە ماددەیەکی دەستوریە و ئەبوایە لە کۆتایی ساڵی 2007 جێبەجێ بکرایە !! دوای دواخستنی 6 مانگی تر، هێشتا هیچ قۆناغێکی ماددەکە ( ئاسانی کردنەوە ، ئامار ، ڕیفراندۆم ) جێبەجێ نەکراوە .

هاتنی نەتەوەیەکگرتووەکان بە بریاری 1770 ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ ناو ماددەی 140 لەجێی خۆی گەورەترین هەڵەیە ، چونکە ئەو دەزگایە کێشەی هیچ وولاتێکی  چارەسەر نەکردووە بێ ڕەزامەندی و بەرژەوەندی هێزە زلەکانی جیهان ، بەتایبەتی ئەمریکا و بریتانیا .

دوای ڕاگەیاندنی پێشنیارەکانی ( ستیفان دیمستۆرا ) نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەربارەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ، ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە ، ئەو پێشنیارەش کە ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک قۆناغی یەکەم  بەرزکراوە بۆ سەرۆکایەتی کۆماری عێراق ، ناوچەکانی  قەزای مەخمور وحەمدانییە  و مەندەلی و بەلەدروزو بەدرەو جەسان ، ناگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان .

هەر لە یەکەم قۆناغی پێشنیارەکانی  ستیفان دیمستۆرا ، پێویستە سەرکردەی سیاسی کورد هەڵوێستی توندی هەبێ بەرامبەر، چونکە ئەمە وەک یەکەم قۆناغ نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمە هەڵویستیانە ، کە بە ڕاستی جێی نیگەرانی هەمووخەڵکی کوردستانە . بێگومان لە دوو قۆناغەکانی تر پێشنیاری چاوەڕێ نەکراوی تردێتە پێش ، بەتایبەتی کێشەی کەرکوک کە بەڕاستی قورسترین و ئاڵۆزترین خاڵی ماددەکەیە کە هەموو بەحەزەرەوە چاوەڕێ دەکات ، خاڵێکی تری گرنگ لە بیر نەچێت هەر لە سەرەتاوە دیمستۆرا دوای هاتنی تورکیا کردووە وەک لایەنێک سەبارەت بە ماددەی 140 و کێشەی کەرکوک ، کەئەمە لە جێی خۆی نیشانەی پرسیاردروست دەکات !!! دانیشتنیشی لەگەڵ نوێنەرانی عەرەب و تورکمانەکانی کەرکوک ، کە دڵنیایان کردووە  کێشەی کەرکوک کێشەیەکی سیاسیەوە و بەڕەزامەندی هەموو لایەنەکان چارەسەر دەکرێت .

دەسەڵاتی سیاسی کورد پێویستە بە هیچ شێوەیەک ئەم ڕاپۆرتە پەسەند نەکات و هەڵویستی توندی هەبێت بەرامبەر، ئەبێ پابەند بن لەسەرجێبەجێ کردنی ماددەی 140 وەک ئیلتیزامێک بەرامبەر ئەو ماددەیەی کە ماددەیەکی دەستورییە . هەموو ئەو ڕاستیە مێژوویی و جوگرافیانەی کوردستان و ئەو زوڵم و ستەم و دەربەدەر وپاکتاوی ڕەگەزی و جینۆسایدەی کە ڕژێمە دکتاتۆرەکانی بەغدا بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامیان داوە ، وەک سیاسەتێکی گۆڕینی دیمۆگرافی و چەسپاندنی ڕەگەز پەرستی بە دڕەندەترین شێوە .

بەهیچ شێوەیەک گەش بینی لە ڕاپۆرتەکەی دیمستۆرا نابینرێت بۆ کورد ، چونکە نەتەوەیەکگرتووەکان بەم هەڵوێستە هەمان هەڵویست و غەدری جارانیان بەرامبەر کورد دووبارە دەکەنەوە . دیارە نەهاتوونەتە ناو کێشەکە بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو و دۆزینەوەت چارەسەرێکی گونجاو .

عامر باجەڵان– سوید
Amerbajalan1@hotmail.com